# زەوییەکەی نەوزاد عەلی ئەحمەد بە ڕێبین ئەحمەد هەردی دەدرێت!

**فەرمانبەرێکی پێشووی شارەوانی سلێمانی**

چەند ڕۆژێکە مشت و مڕێکی باش کەوتۆتە نێوان نووسەران بە تایبەتیش دوای ئەوەی ئەوە چەند جارێکە گەندەڵی و بەهەدەربردنی پارە لە لایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم دەکەوێتە سەر رووپەڕی ڕۆژنامەکانی سەرکاغەز و ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان. منیش لەم نووسینەدا چەند بەڵگەنامەیەک دەخەمەڕوو کە بەشێکن لە فرت و فێڵی چەند نووسەرێک کە بەرامبەر بە هاوکار و هاوپیشەیەکی خۆیان جێ بە جێ یان کردووە. بەو سیفەتەی کە فەرمانبەر بووم لە شارەوانی سلێمانی و ناوە ناوە کاری وەرگرتنی زەوی نووسەران و ڕۆژنامەنووسان و ئەدیبان و هونەرمەندانیشم دەبینی. کە زۆرجار ناهەقی گەورە بەرامبەر بەو توێژە کراوە بە تایبەتیش بۆ جیاوازی ئەو شوێنانەی کە زەوییان بۆ تەرخان دەکرا. واسیتەو برادەرایەتی و ڕەشوە خاڵی بنەڕەتی بوو بۆ وەرگرتنی زەوییەکان، تا ئەسڵن زۆرجار گرنگی بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران یاخود وەزارەتی شارەوانییش نەدەدرا، چونکە بۆ تەرخانکردنی زەوی لەو دوو شوێنە ئاڕاستەمان دەکرا.

کاتی خۆی سەرۆکێکمان هەبوو ناوی ئاسۆ ئیسماعیل بوو کە دوایی وەک لە زۆربەی ڕۆژنامەکان بڵاوکرایەوە لەسەر دزی و گەندەڵی زیندانی کرا. ئەو کەسە ئەوەندەی کاری لەسەر واسیتە و گەندەڵی دەکرد نیو بە قەد ئەمە کاری بە ڕێنماییەکانی سەرووی خۆمان نەدەکرد. بە ئارەزووی خۆی دەستکاری ناوی لیستی ئەو کەسانەی دەکرد کە ئەمرمان پێ دەکرا کە زەوییان بۆ تەرخان بکەین. خۆزگە لیژنەیەکی پسپۆر نووسراوەکانی شارەوانی سلێمانیی سەردەمی ئاسۆ ئیسماعیل- ی موراجەعە دەکردەوە ئینجا دەزانرێت چ کارەساتێکی قەوماندووە.

من نووسەر نیم بەڵام خوێنەرێکی بە سەلیقە و ئەدەب دۆستم. وا لە دوو توێ ی ئەم کورتە نووسینەدا چوار بەڵگەنامە دەخەمەڕوو کە بە واسیتە و بەرتیل و ریکاریی چۆن ئاسۆ ئیسماعیل دەستکاری زنجیرەی ناوی ئەو کەسانە دەکات کە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بە ئیمزای سەرۆک وەزیران بۆی هاتووە بە مەبەستی تەرخانکردنی زەوی. ڕۆژی 2/8/ 1999 لە ئەنجومەنی وەزیران نووسراوێک ئاڕاستەی وەزارەتی شارەوانی کراوە" بەڵگەنامەی ژمارە 1" بە مەبەستی پێدانی زەوی بە نووسەر و کارمەندانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، لیستەکە ناوی 24 کەسی تێدایە " بەڵگەنامەی ژمارە 2" ، وەزارەتی شارەوانیش نووسراوێک ئاڕاستەی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی دەکات " بەڵگەنامەی ژمارە 3" کە ناوەکان بەم شێوەیە تەرتیب کراون:" 1- ئازادعەبدول محەمەد، 2- تاهیر ساڵح سەعید، 3- نەوزاد عەلی ئەحمەد، 4- ڕێبین ئەحمەد هەردی... تا کۆتایی" بەڵام دوای هاتوچۆی ئازاد عەبدول محەمەد بەرزنجی و تاهیر ساڵح سەعید و ڕێبین ئەحمەد هەردی بۆ لای ئاسۆ ئیسماعیل پیلان دژی برادەرێکی خۆیان دادەڕێژن و دەستکاری ناوی نەوزاد عەلی ئەحمەد دەکەن و لەگەڵ ناوی ڕێبین ئەحمەد هەردی جێگۆڕکێ پێ دەکەن و ڕێبین دەبێت بە ژمارە 3 و نەوزادیش دەبێت بە ژمارە 6 ، تکایە سەیری " بەڵگەنامەی ژمارە 4 " بکەن! ئایا ئێوە دەزانن بۆچی زنجیرەی ناوەکانیان گۆڕیوە؟ چونکە ئاسۆ ئیسماعیل بۆ سێ کەسی یەکەم واتە ئازاد و تاهیر و ڕێبین لە باشترین شوێنی شار کە ئەوسا گردەکەی شێخ چوێسە بوو زەوی بۆ تەرخان کردن و نەوزادیشی نارد بۆ زەرگەتە کە ئەوسا کەسی لێ نەدەژیا و یەک فلسی نەدەکرد! ئیتر ئەوەی ئاگاداربووم و ئەوسا یەکێک لە کەسە نزیکەکانی ئاسۆ پێ وتم ڕۆژێک ئەو نەوزادە دێتە شارەوانی و لەبەردەمی سەلام مستەفای نووسەر ئاسۆ دەخاتە مەوقیفێکی موحریجەوە و کۆمەڵێک قسەی هەق و ڕەق ئاڕاستەی ئاسۆ دەکات و پێ ی دەڵێت ئەو من ئەو زەوییەم ناوێت و پێشکەشت بێت!!

لە دوادێڕی ئەو نووسینەدا دەپرسم ئەرێ ئاسۆ بە چ جورئەتێک دەستکاری زنجیرەی ناوی، ناو نووسراوێک دەکات کە لە ئەنجومەنی وەزیران ئاڕاستەی کراوە؟ بەڵام ڕەنگە تا ئێستاش کەس هەستی بەو هەڵە

ناياساييە نەكردبێت و ياخود رەنگە كەسيش ئەو نووسراوەی نەبينی بێت، ئەمڕۆش دوای زياتر لە 10 ساڵ تێپەڕبوون بەسەر نووسراوەكەدا، دەتوانرێت ئيجرائاتی ياسايی بەرامبەر بە ئيمزای ئەو كەسانە بكرێت كە بەڵگەنامەی ژمارە چواريان دەستكاريی كردووە، لە حاڵێكدا ئەگەر لەگەڵ بەڵگەنامەی ژمارە دوو بەراود بكرێت. ئەمە و نازانم نووسەرێكی بەناو ديموكراتيخواز و مەدەنيخواز و ياساخواز و دادپەروەرخواز كە ناوی رێبين ئەحمەد هەردی- يە چۆن ئەو هەڵس و كەوتەی بەرامبەر بە رەفيقێكی هاوپيشەی خۆی كرد!

وا لە خوارەوە بەڵگەنامەكان دەخەمەڕوو كە رەنگە باشتر پەيامی نووسينەكە بگەيەنن:



سەرۆكايەتی ئەنجومەنی وەزيران
نوسينگەی تايبەت

ژمارە: ٨٧٤٢
رۆژ: ٢/٨/١٩٩٩

بۆ/ وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار

بـ/ زەوی

پارچە زەوی تەرخان بكەن بۆ ئەم ((٢٤)) بيست و چوار بەريزانەی ناويان لە ليستی هاوپيچدا هاتووە لە سنوری شارەوانی سليمانی و ناوبراوان نووسەر و كارمەندی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمن

لە گەڵ ريز.

كوسرەت رەسول علی
سەروكی ئەنجومەنی وەزيران

هاوپيچ :-
ليست

وينەيەك بۆ :-
-دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم/ نووسراوتان ژمارە ((١٦٩)) لە ١٩٩٩/٧/٢٥ ......لە گەڵ ريز.

تـــارا//

**بەڵگەنامەی 1، نووسراوەكەی ئەنجومەنی وەزيران**

SARDAM
PRINTING &
BLISHING HOUSE

دەزگای چاپ و پەخشی
سەردەم

لیستێك بە ناوی ئەو نووسەرو كارمەندانەی كە خێزاندارن و كرێچین و تائێستا نە خانوویان هەیە و
نەزەوویان وەرگرتوە .

| زنجیرە | ناوی سیانی | ناونیشانی |
|---|---|---|
| 1 | ئازاد عبدول محمد | نووسەر |
| 2 | طاهر صالح سعید | نووسەر |
| 3 | نەوزاد علی احمد | نووسەر |
| 4 | رێبین احمد هەردی | نووسەر |
| 5 | سلام مصطفی صالح | نووسەر |
| 6 | عطا محمد كریم | نووسەر |
| 7 | صبریە صالح | كارمەند |
| 8 | شیروان توفیق سعید | كارمەند |
| 9 | عثمان محمد رشید | كارمەند |
| 10 | شهاب احمد سلیمان | كارمەند |
| 11 | سازان قادر حمە صالح | كارمەند |
| 12 | ئاڤان محمد علی | كارمەند |
| 13 | فەرهاد عبداللە شریف | كارمەند |
| 14 | توانا اسماعیل امین | كارمەند |
| 15 | وهاب حسن احمد | كارمەند |
| 16 | رمضان ابراهیم حسن | كارمەند |
| 17 | ئاراز مولود مامە | كارمەند |
| 18 | گۆران عمر عبداللە | كارمەند |
| 19 | مغدید عزیز زین الدین | كارمەند |
| 20 | شهلا عبداللطیف معروف | كارمەند |
| 21 | ئاراس كاوە احمد | كارمەند |
| 22 | زانا سامان عبدالقادر | كارمەند |
| 23 | لطیف محمود رحیم | كارمەند |
| 24 | عبدالرحمن عبدالحكیم | كارمەند |

**بەڵگەنامەی 2، لیستی ناوەكانە كە ئەنجومەنی وەزیران ئاڕاستەی وەزارەتی شارەوانی كردووە**


هەرێمی کوردستانی عێراق

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکان

بەڕێوەبەرایەتی مولکایەتی

ژمارە: ٦٤٢٨

بەروار ١٠/٨/١٩٩٩

بۆ / سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی

بابەت / زەوی

====

لەسەر ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە /٢٤٧٨ لە ١٩٩٩/٨/٢ تکایە لە سنووری شارەوانیتان پارچە زەوییەکی نیشتەجێبوون تەرخان بکەن بۆ هەریەک لەم (٢٤) بیست و چوار بەڕێزانەی کە لە لیستی هاوپێچی نووسراومانەدا ناویان هاتووە کە بە ناوی (شازاد عبدول محمد) دەست پێ دەکات و بە ناوی (عبدالرحمن عبدالحکیم) کۆتایی دێت وە ئەم ناوبراوانە نووسەرو کارمەندی دەزگای جیاجیان وە بەخشینی سەرەدەمن لەگەڵ لیست و وجبەی خۆیان لە کاتی پێدانی زەوی بە پێی یاسا و ڕێنماییەکان .

هاوپێچ

========

لیستی ٢٤ ناو

عوبەید ڕەفیق حمە رحیم

بەڕێوەبەری گشتی شارەوانییەکان بە وەکالەت

/٨/٩٩

وێنەیەک بۆ/

- مولکایەتی لەگەڵ بەرایییەکان

- کۆمپیوتەر

- فایلی گشتی

کویستان /// ا ب

بەڵگەنامەی 3، نووسراوەکەی وەزارەتی شارەوانی بۆ سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی



١

**بەڵگەنامەی 4، نووسراوی تەرخان کردنی زەوییە کە دیارە چۆن دەستکاریی زنجیرەی ناوەکانیان کردووە، ڕەنگە دەستخەتی ئەو کەسانەش بناسرێنەوە.**